بۆ ساڵی دووەم لە هەولێر شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا

لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی هەولێر بۆ بازاڕکاری شەوی هەینی لە شاری هەولێر شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ هەڵبژێردرا، کە لە لایەن کۆمپانیای "بابیلۆن" بە هاوکاری پارێزگای هەولێر و بەچاودێری دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەهاوکاری کۆمپانیای "بابیلۆن" بۆ ماوەی یەک مانگ بەردەوامی دەبێت .

لە نێو دوانزە شاجوان پێنج شاجوان هەڵبژێردران فێنک محەمەد عەبدولکریم بە شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ هەڵبژێردرا و تاجی شاجوانی لە لایەن شێنێ عەزیز شاجوانی ساڵی رابردوو لەسەر نرا و بووە دووەم شاجوانی کوردستان.

هەر لەم رێورەسمەدا جگە لە شاجوانی کوردستان چەندین شاجوانی دیکە هەڵبژێردران بۆیە هەریەک لە «دالیا» بە شاجوانی ئەنتەرنێت «چاوان» بە شاجوانی ئاشتی، شاکار» بە شاجوانی جلوبەرگی کوردی و «نادی» بە شاجوانی گەشتوگوزار هەڵبژێردران.

رێورەسمەکە تا درەنگانێکی شەو درێژەی کێشا و تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و بەرپرسانی حکومی و میوان و هونەرمەندانی کورد و بیانی بەشداریان تێداکرد لەوانە عاسی ئەلحەلانی و کاروان کامل و دەشنێ موراد و چەندین گرووپی هونەری و موزیکی و سەمای وڵاتانی کرواتیا و یۆنان، ئەوەی جێگای سەرنجی ئامادەبووان و بینەران بوو نەبوونی گرووپی موزیک و سەمای کوردی بوو لە ئاهەنگەکە لە کاتێکدا ئاهەنگەکە تایبەت بوو بە دەستنیشانکردنی شاجوانی کورستان و پێویست بوو کەلتوور و هونەری کوردی بە میوانەکان بناسرێت.

لە کێبڕکێی شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ سەرەتا زیاتر لە ٥٥ کچ بەشداریان تێداکردبوو. دوای هەڵسەنگاندن ١٢یان کێبڕکێیان لەسەر نازناوەکە کرد.

لیژنەی دادوەری پێکهاتبوو لە ١٠ کەسایەتی شارەزا لە بواری هونەر و رۆشنبیری و شاجوان و کەلتوری و گەشتوگوزاری، دوای چەند سەعاتێک ئاهەنگگێڕان لیژنەی داوەران پێنج شاجوانەکەیان هەڵبژارد.

شایەنی وتنە هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان رێکەوتبوو لەگەڵ رۆژی جیهانی گەشتوگوزار، هەروەها سەرەتایەک بوو بۆ هەنگاونانی هەولێر بەرەو پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی.

شاجوانی کوردستان لە چەند دێڕێکدا

- فێنک محەمەد
- لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە.
- دانیشتووی وڵاتی سویسرایە.
- جگە لە زمانی دایک زمانەکانی فەرەنسی، ئیسپانی، ئینگلیزی دەزانێت.
- وەرزش و گەشت کردن و فۆتۆگرافی حەز و ئارەزووەکانیەتی.
- کێش: ٦٠کم
- بەرزی: ١٦٩ سم